# مامەلەی جیابوونەوە لە نێو هێزە سیاسیە کوردستانیەکان

قادر نادر

2006/02/16

ئەگەر ئاورێک لەسەرجەم جیابونەوە سیاسیەکانی کوردستان لە 42 سالی رابردوو بدە ینەوە وەک (هەردووبالی پارتی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو , پارتی گەل و پارتی یەکێتی و ئالای شۆرش,هەردوو بالی دیموکرات, , هەردوو بالی کۆمەلە , حزبی شوعی کوردستان و شوعیە کوردستانیەکان, پ ک ک و پارتی وولاتپارێز,.حزبی کۆمنستی کارگەری و یەکێتی کۆمنستەکانی عێراق.........ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت سەرجەم ئەم جیابونەوانە لەبری مامەلە کردن بە پرنسیبی دیموکراسی نێوان خۆیان , شێوازی زەبروزەنگی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیوە وەک (شەری نێوەخۆ ,گرتن و تیرۆری ئەندامانی یەکتر,بارەگاداگیرکردن , پاکانە پرکردنەوە , ئەمە جگە لە دۆزینەوەی دەیان ناوو ناتۆرەی ناشیرنی وەک خۆفرۆش, دز, ئەمن ,میت و ئیتلاعات و پیاوی ئەو سەرکردە , بەفیتی ئەو حزبە ئەم جیابونەوە سازکراوە ............بەلام هەر هەمان ئەم حزبانە دوای ئەوەی یەکدەگرنەوە سەرجەم ئەم ناو و ناتۆرانە دەگۆرێتەوە بۆ قۆناغی بەر لەجیابونەوەکان, بەواتای پلەکانی خۆفرۆش ,دز, جەردەکان دەبنەوە هەڤالی تێکۆشەرو ماندونەناس ......... پلە سیاسیە کۆنەکانیشیان لەئەرشیفی حزبی دایک وەردەگرنەوە .

ئەم شێوازی مامەلە کردنانە ئەوەمان پێدەلێت کە هێزەسیاسیە کوردستان , ئەگەر دەیان و سەدان بەرنامە و دروشمی هەمەجۆری وەک (کۆمۆنیزم , سۆسیال دیموکرات ,دیموکرتخواز , رێزگرتن لەمافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەسیشیان هەلگرتبێت تەنیالە دروشمدانێکی بریقەدار تێپەرناکات ؟

وەلەکاتێکدا کێشەی کورد و جولانەوەکەی قوربانی ئەقلێکی نادیموکراسیەتە لەناوچەکە , کەچی هەمان ئەقل لەنێو جوولانەوەکە زۆر بەهێزە !؟

لەچەند رۆژی رابردوودا کانی یەلماز لەشاری سلێمانی بە رووداوێکی نادیارو تەم و مژاویدا شەهید کرا, هێشتا یەکلایی نەبۆتەوە بە چ شێوەیەک گیانی لەدەستداوە, ئۆبالە مێژوویەکە و راستی رووداوەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئاسایشی سلێمانی . ئەگەرچی پارتی وولاتپارێز پەنجەی تاوان بۆ پکک درێژ دەکات , پککش بێ ئاگایی خۆی راگەیاندو پارتی چارەسەیش کە لە چوار چێوەی بیرو باوەرەکانی ئۆج ئالان دەخولێتەوە لە هەلوێستێکی جواندا بروسکەی ماتەمینی بۆ پارتی وولاتپارێز نارد.

پکک هێزێکی سیاسی شۆرشگێرە و خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە کێشەی کورد کردوە وەک جولانەوەی کوردستانی لەباکور زیندوو کردۆتەوە , وە توانی داهێنانەکی نوێ بخاتە نێو

جولانەوەی کورد لە بواری خەباتی هەندەران , پەرلەمان ,هەلبژاردنەکانی تورکیا ...........بەلام ئەمە بەومانایەش نایێت لەچوارچێوەی رەخنە بەدەرە , هەربۆیە دەمەوێت ئاماژە بۆئەوە بکەم , لە 7سالی رابردوودا زۆربەی کارو چالاکیەکانی پکک لەبەرامبەر کەمالیستەکانی تورکیا خۆی لە ئازادی بۆ ئۆج ئالان و نەمانی سزای سێدەرەدان چربۆتەوە,کەچی هەمان تێزو داخوازی بەرامبەر جیاوازیە حزبی و کەسێتیەکانی دژبە خۆی پەیرەو ناکات!؟ وەک زیندانی کردنی کۆمەلێک کادیری ئەم حزبە لە ئاسایشی سلێمانی بەهۆکاری تیرۆکردنی کەمال شاهین , راستی ئەم ووتانەمان بۆ بەدیار دەخات .
پرسیارێک لە سەرکردایەتی پکک دەکەم , ئەگەر ئێوە دژ بە بریاری لەسێدارەدان و ئازادی تاکە کەسن ,دەبێت سەرەتا خۆتان پەیرەوی بکەن؟ وەئەگەر کۆمەلێک بروبیانوی جیاجیای سەیر دێنەوە تا شەرعیەت بەخۆتان بدەن بەناوی بەرژەوەندی بالای کورد وکوردستان و پ ک ک ئەوا تورکیاش کۆمەلێک بیانوی بێمانای خۆی هەیە بۆ لەناوبردنی ئێوەو دان نەنان بەمافە سەرەتاییەکانی خەلکی کوردستان لەباکوردا ؟

دوای ئەوەی کۆمەلەی زەحمەتکێشانی شۆرشگێری کوردستان کەنالی ئاسمانی رۆژهەلات تیڤی پەخشکرد , کۆمەلەکەی تریش بەپەلە کەنالی ئاسمانی کۆمەلە تیڤی دامەزراند , حزبی دیموکراتیش چەند سالێک بوو یارمەتی بۆ کەنالێکی ئاسمانی کۆدەکردەوە , ئەویش بەقودرەتی قادر لەم ماوەدا توانی کەنالێک بکاتەوە تائێستا سوودی ئەو جیابوونەوانە هەرئەوەدەبینم.
لەکۆتاییدا ئەوەدەلێم مامەلەی جیابونەوەی ژن و پیاوێکی ئەوروپی زۆر دیموکراسی و شارستانی ترە لە جیابونەوە ی هێزە سیاسیە کانی کوردستان بەگشتی.